# "بەلێننامە"ی هەلبژاردنی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان

# پرۆژەی گێڕانەوەی کوردستانە بۆناو عێراق!

محمـــد غفـــور ـ هۆلەنـــدا

mgafor@yahoo.com

ئەگەر سەرنجێکی بەلێننامەکەی هەلبژاردنی لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان بدەین،دەبینین لیستێکی توولانی لەو وەعد وبەلێنانەیە کەبزووتنەەی ناسیونالیستی کورد هەمیشە وبەتایبەت لەم 14سالەدا بەدەربڕین وشێوازی جیاواز وجۆراوجۆر بانگەشەیان بۆ کردووە وبەخشیویانەتەوە.دیارە بۆ چاوبەستی خەلک وشەتەکدانی دەسەلاتی خۆیان لەگەردنی خەلکی کوردستان.هەموو ئەمانەش بەناوی بەرژەوەندی ومافی "میللەت وگەل ونەتەوە وخاک ونیشتمانی خۆمانەوە"هەراوزەنای بۆ سازکراوە. بەووردبینیش لەناو ئەو خالانەدا کەریزیانکردوون شتێکی نوێی تێدا نادۆزرێتەوە.ئەو خالانەشی هێناویانە هێندە فریوکارانە وگشتیین،وهێندەش پێچاوپێچیان تێدایە،هەرکە دەستیان لەمەرامە تایبەتیەکانیان گیرکرد، بەئاسانی دەتوانن بەلایاندا تێپەڕن وهەزار بڕوبیانوو بۆجێبەجێ نەکردنیان داتاشن ولەژێری دەرچن.وەک چۆن سالی 92هەر لیستێکی لەم چەشنەیان کردبووە بەرنامەی هەلبژاردنی پەرلەمانەکەیان،وجەنگی ناوخۆ بەرەنجامەکەی بوو بۆ خەلک. جگەلەکەسانی سەربە هۆز وتیرەکەی تالەبانی وبەرزانی ودەست ودایرە وپێوەندەکانیان، تروسکاییەکی بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستان تێدا نییە. مەگەر ئەوەی ئینسان ببێتە ڕەعییەتی ئەم سەرۆک خێلانەی کوردایەتی وخزمەتچی عەرشی قودرەتیان.لەخالی یەکەمەوە هەتا خالی کۆتایی،جگەلە چەند خالێک کەئەوانەش مۆرکی گوشاری کۆمۆنیزمی کرێکاری وبزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان وپیاوان وبزووتنەوەی ئازادیخوازی ودیفاع لەمنالان ولاوان وژنان وبێکاران وئاوارەکان و...تدی،بەسەرەوەیە ولەبنەڕەتدا بۆبەلاڕێدا بردنی خەباتی جەماوەر وئیحتیواکردنیان خزێنراونەتە ناو ئەم بەرنامەیەوە، کۆمەلێک مەرج وفۆرمۆلەی تایبەتن بۆ ڕەسمکردنی ئامانج وسیاسەت وبەرژەوەندییەکانی ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی، لەپێناوی مۆرکردنی خواست وئاوات وئارەزووەکانی خەلکی کوردستان بۆ ڕزگاری لەچەوسانەوەی میللی وئیلحاقی ئیجباری وپلەدووییان،لەچوارچێوەی ئەو سیاسەت وئامانجانەی ناسیونالیزمی کورددا،وتێکەلکردنیان لەگەل یەکتر. لەم ڕێیەشەوە نیشاندانی بەرژەوەندی سەرمایەداران ودەولەمەندان وسەرۆک تیرە وتایەفەکانی کوردستان،وەکو بەرژەوەندی سەرجەم چین وتوێژەکانی خەلکی ئازادیخوازی کوردستان.بەم شێوەیە سنووری بەرژەوەندییە چینایەتیەکانی کۆمەلگای کوردستان بەناوی مەسەلە وکێشەی نەتەوایەتییەوە بسڕنەوە.

خالی یەکەم بەئاشکرا مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خەلکی کوردستان بەتەواوی ئەکاتە شتێکی جیاواز لەوەی کەناوەرۆکەکەی بەیانی ئەکات.بەزۆرلکاندنی کوردستان بەعێراقەوە کێشەیەکی گەورەی وای خولقاندووە، کەبەداخەوە زۆر زەحمەتە خەلکی کوردزمان لەچوارچێوەی عێراقێکدا کەلایەنەکانی پشتی هەلبژاردن ڕەنگی بۆ ئەرێژن، بەمافی ئینسانی ویەکسانی خۆی بگات لەگەل باقی هاوولاتیانی ئەم وولاتەدا. دوای زیاترلە سێ چارەکە سەدە بەزۆرلکاندنی کوردستان بەعێراقەوە کەبۆتە مایەی دەیان کارەساتی وەکو ئەنفال وکیمیباران وپاکتاوکردن، وەپاش14سال جیایی وسەربەخۆیی دیفاکتۆ،ئێستا کەدەرفەت بۆبڕیاردانی ئەم خەلکە ستەملێچووە هاتۆتە پێشەوە بۆئەوەی لەڕیفراندۆمێکدا خۆیان بڕیاربدەن کەئایا دەیانەوێ بچنەوە ناو چوارچێوەی عێراق،یاخود سەربەخۆییان دەوێت،ئەم بەرنامەیە دەیەوێ ئەم دەرفەتەی خەلکی کوردستان لەپرۆژەیەکی کۆنەپەرستانەی ئەمریکادا بەناوی هەلبژاردنەوە بفرۆشن بەئیتیازاتێک بۆ تالەبانی وبارزانی وحیزبەکانیان، وەجارێکی تربەبێ پرس وڕا بەخەلکی کوردستان بیانگێڕنەوە بۆژێر سایەی دەولەتی قەومی ئیسلامی عێراق. ئەمڕۆ زیاتر لەهەر کاتێک بۆخەلکی کوردستان ئەوە ڕوونبۆتەوە کەبڕیاردان لەسەر چارەنووسیان مانای جیابوونەوەی کوردستان لەعێراق وپێکهێنانی دەولەتی

سەربەخۆیە.ئەم ماف وخواستەش تەنها بەگەڕانەوە بۆڕای خەلکی کوردستان شەرعییەت پەیدائەکات. کەچی حیزبەکانی پشتی ئەم بەرنامەیە بەتووندی دژ بەخواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمن،وهەڕەشەی لێدەکەن ولەبەرامبەریدا پیلان سازدەکەن.خەلکیش بەپانتایی کوردستان خوازیاری ئەنجامدانی ئەو ڕیفراندۆمەن، ونایانەوێ بلکێنرێنەوە بە عێراقەوە وژێرچەپۆکەیی وپلەدوویی قبوولناکەن.

هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وعێراق یەک شتن.سیناریۆیەکی گاتەجاڕە بۆسەروبەردان بەحکومەتێکی قەومی ئیسلامی لەعێراق،و ڕاگرتنی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەسەرسەری خەلکی کوردستانەوە.خەلکی کوردستان بەم بەلێننامەیەی بزووتنەوەی کوردایەتی نابێت فریوبخۆن،وبەشداری ئەم مەهزەلەیە بکەن.سەرجەم خواست وماف وئاواتەکانی ئەم خەلکە بەسراوە بەسەربەخۆیی کوردستانەوە. سەربەخۆییش بەسراوە بەڕیفراندۆمێکەوە بەرلە هەلبژاردن بۆ ئەوەی خەلک خۆیان بڕیاربدەن کە چییان دەوێت.دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ناو چوارچێوەی عێراق،یاخود سەربەخۆیی وپێکهێنانی دەولەتی خۆیان دەوێ؟یەکێتی نیشتمانی وپارتی دیموکرات لەسەر ئەوە بڕاونەتەوە کەکوردستان بگێڕنەوە بۆژێرسایەی حکومەتی مەرکەزی عێراق.ئەوان بەرژەوەندییان لەهەلبژاردندایە.خەلکیش بەپێچەوانەوە بەرژەوەندییان لەڕیسواکردنی ئەم سیناریۆیەدایە،و لەهەمان کاتیشدا پێداگرتنیان لەسەر خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم بەرلەهەلبژاردن.حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وکەمپینی ڕیفراندۆم لەڕیزی پێشەوەی ئەم خەباتەدایە بۆڕیفراندۆم.لەدەوری خواستی ڕیفراندۆم بەرلەهەلبژاردن کۆببنەوە،وئەم پرۆژەیەی ناسیونالیزمی کورد ناکامبکەنەوە.بۆ هەمیشە ستەمی میللی وپلەدووییتان کۆتایی پێبهێنن.

15کانونیدووەم2005